Revolutionareis Union of Kurdistan
Central Committee

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
کۆمیتەی ناوەندی

## بەیاننامەی RUK بەبۆنەی
## ئیمزاکردنی "یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق"

دوێنێ دووشەممە، ١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٠٣ کوردی، ڕێکەوتی ٨ی مارسی ٢٠٠٤، ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمرانی عێراق، "یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق"یان ئیمزا کرد.

لە کاتی پەسند کرانی ئەو یاسایەوە تا ئیمزا کرانی، بەهۆی کاریگەریی سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر هێندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمرانیی عێراقەوە، چەند جارێك دواخرا؛ بەڵام سەرەنجام بەهۆی سووربوونی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و هەڵوێستی دروستی باقی ئەندامانی ئەنجومەن، ڕۆحی ئاشتی و دیمۆکراسی بەسەر دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا، زاڵ بوو و ئەو بەڵگەنامە مێژووییە ئیمزا کرا. بەمجۆرە، هەم هەنگاوێکی سیاسی و یاسایی گەورە بۆ ڕێکخستنەوەی دەوڵەتی عێراق و دامەزران و سەقامگیریی لەو وڵاتە هەڵگیرایەوە و هەم وەڵامێکی ددانشکێن بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەو دەوڵەت و لایەنانە درایەوە کە نایانەوێ لە عێراقی تازەدا، کورد بە ماف و ئازادییەکانی شاد بێ و دەوڵەت و وڵاتی عێراق دیمۆکراتیزە بکرێ.

هەرچەن مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانی باشور زۆر لەوە زیاترن کە لەو یاسایەدا گونجاون، بەڵام بەلەبەر چاوگرتنی سەرجەم فاکتۆرە سیاسیەکان، دانانی ئەو یاسایە و ئیمزا کرانی کە بەشێکی گرینگ لە مافەکانی گەلی کوردستانی باشور داین و دەستەبەر دەکا، سەرکەوتنێکی گەورە و مێژوویە بۆ هەموو کوردستانیەکان و سەرجەم نەتەوەی کورد.

لە لایەکی دیکەوە، ئەو یاسایە، درگا لەسەر دیمۆکراتیزە کردنی عێراق دەکاتەوە و ئازادی و سەربەستی و مافەکانی مرۆڤ بۆ عێراقیەکان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە دەگەڕێنێتەوە.

بۆیە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان پیرۆزبایی پێشکەشی نەتەوەی کورد بەگشتی و گەلی کوردستانی باشور بەتایبەتی و دەم و دەسخۆشی لە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانی باشور دەکا.

ئێستا کە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق ئەو یاسا دیمۆکراتیەی پەسندکردوە و ئەندامانی ئیمزایان کردوە، نابێ دەوری هاوپەیمانان بەرێبەرایەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەو سەرکەوتنەدا لەبیر بکرێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە پاڵپشتی و هاوکاریی ئەوانە کە لە وڵاتی کودەتاکان و دیکتاتۆری و شەڕ و خوێنڕێژیدا، پاش ١١ مانگ لە ڕوخانی دیکتاتۆری، یاسایەکی وا پەسند بکرێ. بۆیە جێی خۆیەتی لێرەوە جارێکی دیکە سوپاس و پێزانین ئاراستەی هاوپەیمانان بکەینەوە.

دانانی یاسایەکی وا بۆ عێراق، نوختە گۆڕانێکی چۆنایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حیساب دەکرێ؛ بەڵام بەو گۆڕانە کۆتایی بە داگیرکەری و دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی نەهاتووە. هەر لە پەنای عێراقەوە زۆربەی کوردەکان لە وڵاتانی ترکیا و ئێران و سوریادا، لەژێر زوڵم و زۆر و چەوسانەوەدان و لە مافە ڕەواکانیان بێبەرین. گەلانی دیکەی ناوچەکەش زۆربەیان بەدەست دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی و پێشێلکرانی

www.kurdistannet.org

مافەکانیانەوە دەناڵێنن. بۆیە نە بەبێ رزگاریی کوردەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و گەلانی دیکەی ناوچەکە لە بندەستی داگیرکەری و دیکتاتۆری، ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراسی لە عێراقدا دەچەسپی و نە بەمانەوەی رێژیمە داگیرکەر و دیکتاتۆر و تێرۆریستەکانی ناوچەکەش، ئاسایش و سەقامگیری یەکجاری روو لە عێراق دەکا. بۆیە ئەگەر رووخانی رێژیمی سەدام حسەین و دانانی یاسایەکی وا بۆ بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق دەسپێکی دیمۆکراتیزەکردنی ناوچەکەیە، رادان و رووخاندنی باقی رێژیمە دیکتاتۆرەکانی دیکەی ناوچەکە، سەرخستن و بە ئاکام گەیاندنیەتی.

پیرۆزبێ لە نەتەوەی کورد ئەم سەرکەوتنە؛ نوخشە بێ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکە ئەم دەسکەوتە مێژوییە.

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**١٩ی رەشەمەی ٢٧٠٣**

**٩ی مارسی ٢٠٠٤**

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET